# وەزارەتی نەوتی عیراق درێژەدان بە سیاسەتی صدامو جێگرە کوردەکەشی تەها یاسین رەمەزانێکی تر

حەوێز کۆیی–سوید

لەم نوسینەدا دەمەوێ پێش ئەوەی قسە لەسەر وەزارەتی نەوتی عیراقو بریکارە کوردە بێ ئاگاکەی بکەم.. ئەو پرسیارە رووبەڕووی ئەو نوسەرو رۆژنامەنوسانەی ناوخۆی کوردستان بکەمەوە کە وەکی تر زمانیان بستەك درێژ بۆ سەر سەرکردایەتی کوردیو حوکمڕانی کوردی لە هەولێرو سلێمانیو هێڵی راستو چەپ بەسەر هەموو جوهدەکی ئێکۆشەرانی کوردستان دا دەهێنلن.. هەندێك جار ئێمە لە هەندەرانەوە بڕوایەکمان لا دروست دەبێت کە کوردستان جەنگەڵستانە وەکی تاڵیبانی لێهاتووە.. بەڵام ئەوە چەند جارێکە لە رۆژنامەکانی کوردستان داو لەسایتەکانی ئینتەرنێت دا دەبینین هەواڵی ئەوە بڵاو دەکرێتەوە کە وەزارەتی نەوتی بەغدا ژمارەیەکی تر عەرەبی ناوەڕاستو خۆاروی عیراقی لە کەرکوك دامەزراندو دەیان هەزار گەنجی کورد لە کەرکوك بەتاڵەنەو سەدان دەرچووی کۆلێژو پسپۆڕو ئەندازیاری هەیە دانەمەزراون..

هەمووماں ئەوەی دەزانین کە رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق چۆن روانیویانەتە کۆمپانیای نەوتی کەرکوكو لەرێگەی ئەو کۆمپانیایەوە هەزاران عەرەبی خواروی عیراقیان هێناوەتە کەرکوكو رێگەیان نەدایا گەنجی کورد دابمەزرێت.. بە تایبەتیش لەسەردەمی بەعسو سەدام دا چەند سودی لە دادۆشینی خاکی کوردستانو بەتاڵانی بردنی نەوتی کەرکوك دیتیەو نەك هەر رژێمەکەی بەڵکو چەندین دەوڵەتی عەرەبیش بە نەوتی کەرکوك دەوڵەمەند کردیە.. دوو هێندە شەریکەی نەوتی کەرکوکی کردووە بە ئامرازی داگیرکارییو لە خزمەتی تەعریب دا بەکاری بردووە..

لەدوای پرۆسەی رزگارییو تەشکیلاتی حکومەتی عیراقیدا بەقەدەر پۆستی رئاسی گرنگ بوو کورد پۆستی وەزیری نەوت وەرگرێت.. وەك زۆر مافی تری کورد نەیاری زۆر بوو بەڵام بە جوهدێکی زۆر توانرا جێگری وەزیری نەوتی عیراق بدرێت بە کوردو ئێمە هێندەی لەدورەوە ئاگادارایین وا دەزانین کادرێکی (ی ن ك) ەو لەناو قیادەی یەکێتیش پشتیوانی باشی لێ کرایە، بەڵام ئەوەندەی لێرەو لەوێ لێی دەبیستین ئەم جێگرە کورد پەروەرەی کە بەقەدەر هەموو نەوتی کەرکوك خوێنی لاوی کورد رژاوە بۆ ئەو پۆستەی ئەو بەرێزەی لەسەرە کەچی دەڵێن لەخەمی خۆ دەوڵەمەند کردنو مۆڵەت دانانی بەنزین

خانەو محەتەی غازە لۆ خزم ئەقرەباکانی خۆیو نیوو هێندە لە خەمی کوردو مانەکانی کورددا نیە.. ئەگیناکەی رەوایە لەدوای صدام وەزارەتی نەوت درێژە بەهەمان سیاسەتی صدام بداتنو جێگرەکەش کورد بێتن.. رێك ئەمە وەك جێگریکەی (تەها یاسین رەمەزان) وایەو چۆن ئەو زۆڵە کوردە خۆی ئیشرافی تەعریبی دەکرد.. دور نیە ئەم جێگر وەزیریش خۆی ئیمزا لەسەر دامەزراندنی ئەو عەرەبە شۆڤێنیانەدا نەکات کە لەپێناوی تەعریب دا دێن بۆ کەرکوكو برادەرێکی کەرکوکی کە گەڕابووەوە کوردستان بۆی گێڕامەوە کە لەمەڵبەندی کەرکوکی (ی ن ك) وتویانە پرسیاریان لەو عەرەبانە کردووە کە ئێوە لەخواروی عیراقەوە دێنو لە نەوتی کەرکوك دا دادەمەزرێن موچەکەتان بای مەسرەفەکەتان نیە بۆچی لە شارەکانی خۆتان دانامەزرێن.. یەکیان گوتویەتی تەنها لەپێناوی ئەوەی لە کەرکوك دابمەزرێم ئامادەم لەماڵەکەی خۆم مەسرەفی هاورێکانیشم بکەم.. جا ئەگەر ئەوان بەو عەقڵیەتە شۆڤێنیە بێنە کەرکوكو جێگری وەزیرێکی کورد قبوڵی بکات لەگەڵ تەها یاسین رەمەزان دا جیاوازی چیە بگرە ئەم تاوانبارترە چونکە تەها یاسین ئەوە ئەرکی سەرشانی بووەو مومکینە نەیوێرابێت وا نەکات.. بەڵام کاکی جێگر وەزیرو بە حساب کادری (ی ن ك) بۆ ئەوە نێردراوە رێگە نەدات کاری وا بکرێتو دەبوو شەڕی لەسەر گەڕانەوەی هەموو ئەو فەرمانبەرە کوردانەی شەریکەی نەوت بکردایا صدام فەسڵی کردبوونو دایبمەزراندنایەتەوە کەچی عەرەبی تر دادەمەزرێنێ..ولە رۆژانەدا ( 365 ) کەس عەرەب دامەزراون ...

بژی یەکێتی بۆخۆتو کاندین بۆ جێگری وەزیری نەوت کە بەقەدەر هەموو نەوتی کەرکوك خوێنت بۆ رزگاری کەرکوك رشتووە کەچی ئێستا کادرێکی تۆ کورسیو ئیمتیاز وای لێ دەکات کە خیانەتی وا بکات..

دەك کەرکوکیەکان ئێوەش تەمەن کورت بن کە ئەوە قبوڵ دەکەن ئەو نوسەرو رۆژنانەنوسانەی کوردستانیش خەجاڵەت بن کە وەکی تر زمانیان بستەك درێژەو لە هەموو شت دێنە دەنگو خۆیان وانیشان ئەدەن کە لەسەرکردەکان دڵسۆزترن کەچی وەزیرێکمان لە بەغدا خۆی بەشودا بە عەرەبێکی شۆڤێنیو جێگرێکمان خزمەتی بە سیاسەتی شۆڤێنیانەی عەرەب دەکاتو لێی بێ دەنگن.